# کورد، قوبرس و یەکێتی ئەوروپا..

# بۆچی ئەنقەرە بەردەوام لە شەپۆلە ترسناکەکان مەلە دەکا؟

ماوەیەکە لەرۆژهەڵاتی ناوین ئیدارەی قوبرسی یۆنانی پلانی دەستکەوتنی مۆڵەتی وەبەرهێنانی نەوت دادەنێت بۆ کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی نەوت بەبێ گوێدانە ئاگادارکردنەوەو هۆشدارییەکانی قوبرسی تورکی و حکوومەتی تورکیا. هاوکات دەوڵەتی تورک هەوڵەکانی قوبرسی یۆنانی بۆ گەڕان بەدوای نەوت لەدەریای سپی، وەک ئیعلانکردنی شەڕ لێکدەداتەوە، بۆیەش کەشتییە جەنگییەکانی خۆی بەرەو هەرێمەکە دەنێرێت. بەگوێرەی پروپاگەندەی ئاژانسەکانی تورک، کەشتییە جەنگییەکانی تورکیا لەرۆژهەڵاتی قوبرس کەوتنە نێو جموجۆڵ و پۆزسیۆنی شەڕەوە، بەڵام سوپاسالاری تورک ئەو بانگەشەیە ڕەتدەکاتەوە.

بێگومان، هەمیشە وەڵامی ئەنقەرە بۆ ئەو کێشانە لەخوار هەستیارییەوە بووە. قسە و مشتومڕی زۆر لەبارەی دەستێوەردانی سەربازی تورکی لەیەک کاتدا بۆ هەرێمی کوردستان و قوبرسی یۆنانی هەیە و لە هەفتەی رابردووشدا پرۆپاگەندەی ئەوە بڵاو بووەوە کە تورکیا کەشتی جەنگی ڕەوانەی قوبرسی یۆنانی کردووەو لەگەڵ مۆڵدانی ٢٠٠ هەزار سەرباز بەدرێژایی سنوورەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان. لەوەڵامی ئەوانەشدا، کریستۆدۆلۆس پاشیاردیسی قسەکەری ئیدارەی قوبرسی یۆنان هۆشداری ئەوەیدا کە تورکیا وەکو (دزی دەریایی) هەڵسوکەوت دەکات و، بەهەمان شێوە لەکوردستانیش جموجۆڵە سەربازییەکانی سوپای تورک کاردانەوە و نارەزاییەکی توندی لۆکاڵی و گلۆباڵی لێکەوتەوە.

وەکو بیرخستنەوەیەک، لەساڵی ١٩٦٤، کاتێک سوپای تورکیا توانای ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی نەبوو لە قوبرس، سەرۆک وەزیرانی ئەوکات، عیسمەت ئینۆنو، پاڵەوانی جەنگی سەربەخۆیی، رایگەیاند، "ئەو بارودۆخە دەتوانی هەموو شتێک قەبووڵ بکات، بەڵام ناتوانێت دۆڕاندن قەبوڵبکات". بەڵام بەبەکارهێنانی نامەی جۆنسن وەکو بنەماگەیەک، عیسمەت ئینۆنو نەجوڵاو لەرێگەی کەشتییە مەدەنییەکان سوپای تورکیای لەشەرمەزاری هێرشی کەناریی دورگەکان رزگار کرد.

جێی داخە، نەک تەنها لەمەسەلەی هەرێمی فیدراڵی کوردستان، تەنانەت لەمەسەلەی قوبرسیشدا تورک خۆیان نادەنە بەر هیچ چارەسەرییەکەوە و بەردەوام لەشەپۆلە ترسناکەکان مەلە دەکەن، کە هەم کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و هەم تورکەکانی قوبرسیش لەگەڵ خۆیان دەدەنە پێش. لەبەرئەوەی تورک دەترسن و دەڵێن ئەگەر قوبرسمان لەدەست بچێت ئەوا ڕەنگە سبەینێ ئەنتاڵیا- شمان لەدەست بچێت...

ئێمە لەماوەی ڕابردوودا شاهێدحاڵی کۆبوونەوەی سەرانی وڵاتانی ئەوروپا بووین. لەبارەی ئەو کۆبوونەوەیە وتوێژ و مشتومڕی جۆاوجۆر خرایە بەرباس، بەتایبەتی لەبارەی قۆناخی دانوستانەکانی نێوان تورکیا و یەکێتی ئەوروپا سپەکولاسیۆنی زۆر دروست بوون.. ئەو مژارە پتر بەمەسەلەی قوبرسەوە گرێدرا و کەوتە رۆژەڤەوە. لەگەڵ هەموو هەوڵەکانی حکوومەتی ئەردۆگان و دەوڵەتی تورک، لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاری هەڵپەساردنی هەشت خاڵی گفتوگۆیەکان درا. بۆیە دوای ئەو کۆبوونەوە گرنگە، بۆئەوەی سیاسەتی یەکێتی ئەوروپا و دەوڵەتی تورک بناسین، بەپێویستی دەزانم سووکە لەنگەرێک لەئاست هەقیقەتی ئەو مەسەلەیە بگرین.

وەک دەزانرێ، دورگەی قوبرس بۆ هێزە نێودەوڵەتییەکان شوێنێکی جیۆپۆلیتیکی زۆر ستراتیژییە. لەساڵی ٢٠٠٤ کاتێک قوبرس بووە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا گرنگی ئەو دورگەیە زۆر زیاتر بووە. بۆیە هەبوونی پێگە و هەژموونی دەوڵەتی تورک لەو دوورگەیە ئەو هێزە نێودەوڵەتیانە قەڵس و نارەحەت دەکات.

ئەگەر لایەنێکی هەقیقەتی دوورگەی قوبرس بایەخی پێگە ستراتیژییەکەشی بێت، ئەوا لەتەک ئەو لایەنە هۆکارگەلی دیکەش هەن کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێت، بەتایبەتی ئەوەی زیاتر لەلایەن هێزە نێودەوڵەتییەکان و تورکیاوە بەکاردەهێنرێت ڕەوش و ڕەهەندی سیاسیی ئەو مەسەلەیەیە. هەرچەندە ئەو دوورگەیە بچووکیش بێت و خاوەنی هێزێکی سیاسیی و لەشکریی و ئابووریش نەبێت، ئەوان وەک کارتێکی زۆر بەهێز و کاریگەر بەکاری دێنن و یاری پێدەکەن. لەسەرەتادا دەوڵەتی تورک و یەکێتی ئەوروپا ئەو کارتە لەبەرامبەر یەکتری بەکاردێنن. وەها دەردەکەوێ کە کارتی قوبرس وەک حاجەتێکی سیاسیی لەدەستی یەکێتی ئەوروپا و تورکیادا تەنانەت ڕەنگە بۆ چەند ساڵی دیکەش بەکاربهێنرێ.

لەنێو هێزی یەکێتی ئەوروپادا دەوروبەری ڕاسترەوەکان مەسەلەی قوبرسیان بۆ خۆیان کردۆتە خاڵێکی هەرە سەرەکیی و لەبەرامبەر تورکیا بەکاری دێنن، کە ڕاستییەکەی بەمشێوەیە نییە. ئەو لایەنانەی کە مەسەلەی قوبرس بەمشێوەیە بەکاردێنن دۆستی گەلی قوبرس نین. تەنانەت ئەوان نایانەوێت ئەو مەسەلەیە چارەسەریش بکرێت. داخوازیی سەرەکیان ئەوەیە کە ئەو مەسەلەیە هەمیشە لەبەرامبەر تورکیا وەک حاجەتێک بەکاربێنن. بۆیە ئەوان هەمیشە جەسارەت دەدەنە بەڕێوەبەرە ڕاستڕەوەکانی کە ڕومان و وان دەکەنە خاوەنی هەڵوێستێکی توند. بەڵام نزیکایەتی سەرکۆماری قوبرس پابادۆپولۆس بەگوێرەی داخوازی دەوروبەری ڕاستڕەوە ئەوروپییەکان دەچێتە پێشەوە.

دەبێت بزاندرێ کە لەنێوان نزیکایەتی پابادۆپولۆس و پارتی گەورەی ڕومان (AKEL)دا جیاوازییەک هەیە. ئێمە دەزانین کە ئەو پارتییە چەپگەرە (AKEL) لەگەڵ محەمەد عەلی تەڵات-یشدا لەنێو پەیوەندییەکی باشدایە. سەرۆکی ئەو پارتە بەڕێز کریستۆفیاس هەمیشە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەو لەگەڵ چارەسەرییەکی فیدراڵی دایە. ئەم داوایەی (AKEL) لەگەڵ زۆربەی تورکە دەسەڵاتدارەکانی قوبرس یەکانگیرە. هاوکات چارەسەرێکی فیدراڵی وەک ڕێبازێکی زۆر باش و گونجاو لەلایەن ئەوانە قەبوڵکراوە. هەمان ڕێباز، نەک تەنیا لەلایەن زۆربەی دەسەڵاتدارەکانەوە، بەڵکو لەلایەن زۆربەی تورکەکانی قوبرسەوەش دەپارێزرێ. بەڵام دەوڵەتی تورک، بەتایبەتیش سوپا و پارتی گەلی کۆماری (CHP) بەرهەڵستکار ناهێڵن تورکەکانی قوبرس داخوازییەکانی خۆیان بەشێوەیەکی ئازاد و هێمنانە ڕابگەیەنن. بەڵام تورکەکانی قوبرس لەو هەڵوێست و هەژموونە نارەحەتیش بن ئەوان خاوەن ئیرادە و هێزێکی ئەوتۆ نین کە بتوانن دەنگی خۆیان دەربخەن.

بەدیدی من، چارەسەرێک لەسەر بنچینەی فیدرالیزم دەتوانێ مەسەلەی قوبرس لە ڕۆژەڤ دەرخات. بۆ هەردوو کۆمەڵگای دوورگەکەش ڕێگای هەرە ڕاست بەچارەسەری بەفیدرالیزم تێدەپەڕێ. بەڵام لێرەدا ڕۆڵی یەکێتی ئەوروپا زۆر گرنگە. ئەوانەی نایەنەوێت ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکرێ ڕاستڕەوەکانی ئەوروپان. ئەوان دەیانەوێ هەمیشە کارتێکیان بەدەستەوە بێت تا بتوانن لەبەرامبەر تورکیا بەکاری بێنن. بۆ ئەو هەنگاوەش کارتی هەرە کاریگەر پرسی قوبرسە. ئەگەر رۆژێک ئەو کارتەیان لەدەست دەربێت، من لەو باوەڕەدام ئەوان هەوڵدەدەن کە کارتی مەسەلەی کورد بگرنە دەستی خۆیان و لەبەرامبەر تورکیادا بیوروژێنن. لەبەرئەوە دەوڵەتی تورک ئەو شتە باش دەزانێت، بۆیەش نایەوێ پەیوەست بەمەسەلەی قوبرس هەنگاوی ئەرێنی بنێت.



شوان تاڤینگ